## راگەیاندنی هاوبەشی کونگرەی نیشتمانی کوردستان و
## پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان و سەکۆی سەربەخۆیی کوردستان

بە دوای ریکەوتننامەکەی ٢٠٠٨/٦/٦ ی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان و کونگرەی نیشتمانی کوردستاندا و پاشئەوەی سەکۆی سەربەخۆیی کوردستانیش ئەو ریکەوتنامەیەی پەسەند و پیرۆزکرد و بریاری بەشداریکردنی دا لە کونگرەدا. نوێنەرایەتی هەر سێ لایەنی ناوبراو رۆژی ٢٠٠٨/٨/٨ لە کۆبونەوەیەکیاندا لە باشووری کوردستان، جەختیان لەسەر پێویستی خەباتی بەرەیی هەموو ئەو پارت و ریکخراو و تاکەکەسانە کردەوە کە باوەریان بەسەربەخۆیی کوردستان هەیە. ئەوەشیان دووپاتکردەوە کە کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان رێکخستنێکی بەرەییانەیە نەك پارتیانە و هەموو بەشداربوانی کۆنگرە بۆیان هەیە کەسێتیی خۆیان و سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن. لەم قۆناغەشدا، خەباتیان چڕدەکەنەوە بۆ پاراستنی قەوارە سیاسییەکەی باشووری کوردستان و ئاراستەکردنی بەرەو سەربەخۆیی کەمافێکی رەوای نەتەوەکەمانە. هاوکات لەگەلڕ هەولدان بۆ نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی گەندەلّی و چەسپاندنی سەروەریی یاسا و نەهێشتنی هەموو تەنگژە ئابوورییەکان و دابینکردنی دادی کۆمەلآیەتی و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی خەلّك و هەژاران لەهەموو روویەکەوە، وەك ئەرکی هەنووکەیی و بەپەلەی ئەم قۆناغەی نەتەوەکەمان.

**سەرکەوێ خەباتی یەکگرتوومان لە پێناوی ئامانجەکانی نەتەوەکەماندا!**

**سەکۆی سەربەخۆیی کوردستان پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان**

**کونگرەی نیشتمانی کوردستان**

**٢٠٠٨/٨/٨**